# داوايەك لەشێوەی عیسا

نوسینی :دیارمحەمەد
deyar_mahamad@yahoo.com

ئەتەوێت خۆم لەشێوەی
ئیبلیسدا ببینم
بەکۆڵێ تاوانی بێگوناهەوە
تاماچەکانت خەڵەتینم
بەئاینێکی درۆ
تابەسەرپۆشی سوری
جەهەنەمدا بەرێت بکەم
بەبێ ئەوەی تەرتکەم لەخۆم
ئەمەیان راستییەو دورە لەدرۆی
رۆژەنەکانی شێتیت
ئەمەیان درۆیە کەلەنهێنیەکانی
تەمەنتەوە سەر دەربێنێ
روخسارو عەورەتی کورێکی تر0
چ کفرێکت لەجەستەما هەڵچنی
بەبێئەوەی زمان پەیمانێ بەستێ
بەدزی منەوە
ئەمەوێت شەوێك لەتۆدا بمرم کەنامرم
ئەمەوێت پەنجەکانم لەشێوەی ئابروی
ئەوکەسەدا داگیرسێنم
کەتۆ بەتەمایی
ئای چ بێئەمەکیەکت کرد بەرامبەرم
کەلەداگاکانی بەهەشتیشدا
ئاوادرۆ زلەکانمی تیا راپێچ نەکراون
بەرەومەملەکەتی زیندان
زیندانێك بەهەموو لاشەی رەق
هەڵهاتوی ژنە سەرزەنشتکراوەکانی
قورئانەوە
کەتۆفێری لاپەرەکانیت کردم
مەمکە فرمێسکی حاجیلەیەکی بێگوناه

مەمکەکراسی ژێرەوەی ئەو کچەی
ئاخ لەبونی منێکی تردەهەڵدەکێشێ
کەمن پێی نازانم
شەوی سور لەبونی خۆما لەتلەت ئەکەم
بەگوێزانێکی کول کول کە پیرە پیاوێکی تاوان بار
هەموو لاشەی لەشێوەی پەیکەر پێ تاشیو
خەوشوخاڵەکەشی دایە دەم
بەئەمەکترین ڕوباری کچ
کچێك کە لەبونەوە کردەوەکانی لەتۆدەچونون
بەبێ ئەوەی پێی بزانێ
ئەمەوێت سەرا پاخۆم لەوکەسە بگۆڕم
کەرەنگەکانی لەمندا ناشتوەو
گۆڕەکانیشی بەبێ کێل تیا پڕکردومەتەوە
تاتۆ لەئاسمانێکدا دادگای تاوانەکانم بکەی
تەنها بۆشەوێکیش بێت
من لەزیندانی کچێنیتدا
سزابدەیت

July 03,20